# شەونم

هۆنراوەی (92)

**درهمه دیر مغان نیست چومن شیدایی**

نیە وەک من لە هەموو دەیری موغان شەیدایەک
خەرقە لایەک گرەوی بادەیە دەفتەر لایەک
دڵ کە ئاوێنەیی شایانە غوبارێکی هەیە
ئێستە لە خوام گەرەکە هاودەمی رۆشن رایەک
بەندی ئەسرینە هەڵم بەستووە لەو دەور و بەرەم
بەڵکە شین بێ لە پەنام خەڵفی قەدو باڵایەک
بە گەمی بێنە شەرابێ کە ئەمن بێ رووی یار
لەهەموو سووچی چەمانم جەمە خەم دەریایەک
من لەسەر دەستی بوتی بادەفرۆش تۆبەم کرد
کە نەخۆم بادە بەبێ هاودەمی قەد رەعنایەک
سوڕی ئەو نوکتە مەگەر شەم بەزمانی دابێ
چونکە پەروانە محاڵە وەقسان بێ رایەک
باسی بێگانە مەکە لای منی مەعشووقە پەرست
کەبەغەیری ئەو و مەی نیمە لەکەس پەروایەک
لافی نەرگیس وەدڵت مەگرە لەحاندی چاوت
ناگرن ئەهلی نەزەر رەخنە لە نابینایەک
ئەو قسەم چەندە بەکەیفێ بوو بەیانی دەیگوت
بەدەف و نایەوە لای مەیکەدە را تەرسایەک
گەر موسڵمانەتی ئاوایە کە حافز هەیەتی
وای ئەگەر بێت و ببێ رۆژی درەنگ ئاوایەک

حافزی حەقیقی